# خەباتکارانی ڕێگای تۆڵە

## سیروان عەبدول

- سەرەڕای سەبری چەند ساڵەمان لەسەر ئەو مەینەتییانەی لەسەر دەستی حکومەتی بەعسیی چەشتمان، لەشەوی ئەو تۆڵە بەزەبرەدا کە لەسەددام حسێن کرایەوە من خەمێکی قووڵ دایگرتم.

خەم لەوەی کە حەیف تا ئێستاش لەمەیدانی سیاسەتی عێراقیی و کوردستانییدا پارسەنگەکە زۆر بەزەقیی بەلای سیاسەتمەدارە کورتبیینەکان و 'پەیامبەرانی کینە'دا لارە. تا ئێستاش کەسانێک جڵەوی دیارییکردنی سیاسەتی ڕۆژیان بەدەستە کە جگە لە چاندنی بوغز و گۆشکردنی خەڵک بەعەقڵییەتی تۆڵە و تۆڵەکاریی هیچ سەنعاتێکی تریان لەمەیدانی سیاسەتکردندا نەزانیوە و ناشزانن.

ئەوەی منی خەمبار کرد لە پرۆسەی لەدادگادان و سزادانی سەددامدا لەسەر ڕابوردوویەکی خوێناوی کە هەیبوو، جگە لەجۆری سزاکە، ئەوەبوو کە ئەو لەلایەن هەمان ئەو عەقڵییەتەوە کە ئەو ڕابوردووە خوێناوییەی بەو نەخشاند لەدادگا درا و سزا درا. لەم هەموو کەینوبەینەی تاوانکاریی گەورە و سزادانی گەورەیەدا کە لەعێراقدا دەگوزەرێت پرەنسیپێک هەیە خراوەتە لاوە و هیچ پرسی پێناکرێت، کە پرەنسیپی عەدالەتە. ئەوە ئامادەیی عەدالەت نەبوو لەعێراقدا وایکرد سەددام لەسەر تاوانەکانی بکێشرێتە بەر دادگا، بەڵکو خواستی ئەو هێزە سییاسیانە بوو کە دوای سەندنەوەی "تۆڵەی شۆڕشگێڕانە"، ئینجا خۆیان لەسەر عەرشی نادادپەروەریی دەبنە حاکم. تەنانەت ئەگەر ووردتری بکەینەوە، ئەوا ئەو کوشتنەی سەددام بەو شێوەیە و لەسەر دەستی میلیشیا شیعییەکان تەنانەت "تۆڵەیەکی شۆڕشگێڕانە"ی ئەو هێزانەش نەبوو لێی لەسەر ئەو ملهوڕییانەی ئەو لە ساڵی 1982 لە دوجەیل کردی، بەڵکو تەکمیلەکردنێکی ئەو هەوڵە سەرنەگرتووەی کوشتنی سەددام بوو کە گروپە شیعییەکان لەسەر داوای ئێران لەو ساڵەدا لەدوجەیل کردیان و ئەوکاتە سەرینەگرت.

ئەم هەموو کەینوبەینە سیاسیی و پەتڕاکێشانەی نێوان هێزە ڕەشەکانی گۆڕەپانی سیاسیی جێپێیەکی بۆ دادپەروەریی و دادپەروەران نەهێشتۆتەوە و خستوونیەتە پەراوێزێکی بەرتەسکی کۆمەڵگاوە. دیارە لەحاڵەتێکی وادا دادگاکانیش چۆڵدەبن بۆ کۆمەڵێک "دادوەر"ی غەرقی ناعادیلیی لەچەشنی ئەو دادوەرانەی کە بۆ نموونە ئێستا لەدادگاکانی کوردستاندا هەمانن. ئەو دادوەرە قەرەقۆزانەی دەسەڵات، کە یەکێکیان بۆ ڕازیکردنی دڵی ئێشاوی دەسەڵات بۆ نموونە 30 ساڵ زیندانیی دەدات بەسەر نووسەرێکدا و ئەوانی تریش دەگمەنیان بەئیشی خۆیانی بزانن لەسەر ئیهانەیەکی وا بەدادپەروەریی نقەیەک لەبەر خۆیانەوە بێنن.

ئەم 'لەماڵنەبوون'ەی دادپەروەریی لەهەر وڵاتێکدا دەیهێنێ جێگەی خەم و ترسی قوڵی هەموو ئەوانە بێت کە جێگرتنی مافەکانی مرۆڤیان لەو وڵاتەدا بەلاوە گرنگە. بەکورتیی لاوازبوونی ڕۆحی عەدالەت و لەدەستدانی بەهای دادپەروەریی و بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ مەقامی خۆیان لەهەر کۆمەڵگایەکدا هیچ ناکات جگە لەبەهێزکردنی بازووی ستەمکاریی نەبێت لەو کۆمەڵگایەدا. دەرکردنەدەرەوەی بەهاکانی دادپەروەریی میکانیکیی یانی دەرکردنەدەرەوەی داکۆکییکەرانی ئەو بەهایانەش. داکۆکییکەرانێک کە تاکە ڕووی جوانی ناو هەموو دزێوییەکانی کۆمەڵگان. لەکۆمەڵگایەکدا ئەگەر بڕیاربێت "تۆڵەی شۆڕشگێڕانە" ڕەوایەتیی بداتە سزادانێک نەک پێوانەکانی عەدالەت، ئەوا، هیچ نا لەسەتحی تیۆرییدا، هەریەک لەئێمە موعەرەزین ڕۆژێک لەڕۆژان ملمان بکرێت

به پەتدا گەر بێ و دڵی "شۆڕشگێڕەکان"مان شکاند و لەسەر تەجاوزەکانیان بۆ سەر مافەکانی خەڵکی ناوچەی ژێر دەستیان ڕەخنەمان کردن.

ڕەنگە زۆرێک پێیانوابێت کە لێرەدا ئێمە تەنها قسەمان لەسەر ئەو سیستەمە سیاسییانەیە کە بەزەبری کوشتوبڕ و خۆفەرزکردن باسی عەدالەتیان لە کۆمەڵگانی ژێر دەستی خۆیاندا قەدەغەکردووە؛ بەڵام نا! کۆمەڵگا هەیە بەبێ سەرکوتی خەڵکەکە، یان ڕەنگە شانبەشانی بەشێکی کەم یان زۆری سەرکوت، بەوەسیلەی هێمنانەتر جێ بەعەدالەت لەناو خۆیدا لەق دەکات و باسی کاڵ دەکاتەوە. دەکرێت نموونەی ئەمە ئەوە بێت کە زۆرجار لەو وڵاتانەدا کە ستەم و ناعەدالەتیی و شەڕوشۆڕ یەخەی گرتوون "شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە" شوێنی شەرعییەتی مافەکانی مرۆڤ و عەدالەت دەگرێتەوە؛ کە ئەمەش بەدەوری خۆی خەتەرێکی گەورەیە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و زیهنییەتی عەدالەتخوازیی لەو دەڤەرەدا.

باشترین و بەردەستترین نموونە بۆ ئێمە لەسەر ئەم 'لەماڵدەرکردن'ەی دادپەروەریی و کارکردنی شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە لەجێی، دەکرێت حوکمی مۆنۆپۆلکارانەی شانزەساڵی رابردووی پارتی و یەکێتی بێت لەکوردستانی عێراقدا. سەیری ئەوان شانزەساڵە لەجیاتی ئیدارەدان، تاڵانی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە ئەکەن و مەینەتیی گەورەیان بۆ خەڵکەکەی هێناوە و کەچییش زۆر قورس نییە چەنان و چەنان خەڵک بدۆزیتەوە، تەنانەت لەناو خوێنەوار و ڕۆشنبیرەکانیشدا کە سەرسەخت داکۆکیی لەو حکومەتە فاشیلەی پارتیی و یەکێتیی و ئەو پیاوە فاسیدانەی ناو ئەو دەسەڵاتانە دەکەن و پاکانە بۆ ناپاکییەکانیان دەهێننەوە. هەر لەهەمان ئەم سیاقی بێحیسابکردنی دادپەروەرییەدایە کە زۆرجار دەبینین سەرۆک وەزیران یان سەرۆکی حیزبێک کە دەسەڵاتی بەدەستە لەپڕ بڕیاری لێبووردن ڕادەگەیەنێت بۆ کەسانێک کە زیندانن و بڕیارە کردەی تاوانکارییان ئەنجامدابێت. کۆمیدیاکە لەوێدایە کە هەواڵی وا لای ئێمە وەک دەستکەوتی دەسەڵات بۆ خەڵک و وەک بەخشندەیی (یان جەژنانەی!) سەرۆکەکان ڕادەگەیەنرێت و خەڵکەکەش هەر وای لێتێئەگەن. کەسێک نابینیتەوە تەنانەت لەناو ڕۆشنبیران و لەناو ئۆپۆزیسیۆنیشدا بڵێت (ئەرێ کوڕی باش تۆ کێیت وا بڕیار ئەدەیت تاوانبارانێک سزای تاوانەکانیان نەکێشن؟!). سەرۆک حیزبێک وەک سەرۆک خێڵێک دێتە قسە و دەڵێت (بۆ لەناوبردنی گەندەڵیی ئیتر لەمەودوا هەر کەس گەندەڵیی کرد بەخۆم بڵێن و خۆم سزای ئەدەم). بەبڕیارێکی وا خەڵکەکە کۆڵێک موتەهیم دەبنەوە بەدەسەڵات و کەسێکیش بەعەقڵیدا نایەت بڵێت (ئاخر ئەفەنی ئەم قسەیەی تۆ خۆی فەسادە. تۆ کێیت وا خۆت و "جەژنانەبڕیار"ەکانت فەرزئەکەیت بەسەر دەسەڵاتی قەزائییدا؟!). حیزبێک هەڵدەستێ جاسووسە کەشفبووکانی ناو خۆی لەجیاتی تەسلیمکردنیان بەدادگا، کەمێک لەسەڵاحییەتەکانیان کەمدەکاتەوە و بەڵام هەر وەک "ئەندامی شەرەف" لەڕیزەکانی خۆیدا دەیانهێڵێتەوە؛ حیزبێکی تر خۆی بڕیاردەدات کە لێیان ببوورێت و، کەسیش نابینیت بڵێت (نا "هەڤاڵانی شۆڕشگێڕ" ئێوە دادگا نیین تا حوکم بدەن، بەڵکو ئێوە حیزبێکن کە هەڤاڵە جاسووسەکانتان نۆکەری بەردەستی جەللادەکانمان بوون و نەهامەتییان بۆ ئێمەی خەڵکی ئەم ناوچەیە هێناوە و، فەرموون تەسلیمانیانکەن پێمان، ئەگینا ئێوەش بە تۆمەتی داڵدەدانی پیلانگێڕان و ناپاکان سزادەدرێن).

وەک لەسەرەوە ووتمان ئەم جۆرە بێڕێزکردنەی عەدالەت لەکۆمەڵگادا شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە پاساودەرێتی. ئەمەش بەدەوری خۆی هیچناکات ئەوە نەبێت کە ڕۆحی عەدالەت و هەستی دادپەروەریی ناو ئەو کۆمەڵگا دیارییکراوە لاوازدەکات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا یانی ڕەخسانی زەمینەیەک کە لەوێدا ستەمکاریی بەئاسانیی بۆ خەڵکەکە قووتدەچێت و بگرە چەنان و چەنان داکۆکیکەریشی بۆ دروستدەبێت. ژمارەیەکی وا زۆر داکۆکیکەر کە ڕەنگە لەپرۆسەیەکی هەڵبژاردنی دیموکراسییدا زۆرینەی دەنگ بەدەستبێنن و دەسەڵات بەرنەوە. زۆر بەسادەیی ئا ئەم میکانیکییەتەیە کە بۆ نموونە چەند ساڵە لەکوردستان کاردەکات و ئێمەش سەرمان سوورماوە لەوەی کە بۆچی پارتیی و یەکێتیی، کە نەیانتوانیوە بە شانزەساڵ تەنانەت ووزەی کارەبا بۆ خەڵکەکە دابینبکەن، کەچیش لەهەڵبژاردنەکاندا هەر دەنگ دێننەوە و دەکرێنەوە بەحکومەت. دەنگهێنانێک کە زۆرێک

لەپیاوانی ناو خۆیان وەک وەڵام و دژەئارگیومێنتێک بۆ ئەو ئارگیومێنتە دەیهێننەوە کە دەڵێت: ئێوە زۆربەتان پیاوی فاسیدن نەک پیاوی دەوڵەت. ئەوە هەر کاڵبوونەوە و گۆڕونبوونی باسی عەدالەت و پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤە لەو دەڤەرەدا کە ڕێی خۆشکردووە کەسانێکیان بێن و لەوەڵامی ڕەخنەیەکی وادا بێ هیچ ئیحراجبوونێک، بێئەوەی زەرڕەیەک باکی تورەیی خەڵکیان هەبێت بڵێن: "خەڵک خۆی هەڵیبژاردین". ئەگینا قسەیەکی وا گەر لەوڵاتێکدا و لەناو میللەتێکدا بکرێت کە بەهاکانی دادپەروەریی و پارێزراویی کەرامەتی هاوڵاتییان تیایدا جێگەوڕێگەیەکی مەرکەزییان هەیە، ئەوا ڕەنگە بکەرەکەی بەڕەخنە سەر پێهەڵبگرن. ڕاستییەکەی ئەگەر ئەو غائیبکردن و بێڕەواجییەی باسی دادپەروەریی نەبوایە لەناو خەڵکی کوردستانی عێراقدا، ئەوا زۆرێک لەپیاوانی ناو پارتیی و یەکێتیی و ئینجاش زۆرێک لەحیزبەکانی تر لەئاکامی ئیدارەی خراپیان بۆ کوردستان و ئەو فەزاحەتانەی لێیان ڕوودەدات، دەمێکی زۆرە خۆیان شایان بەوە کردووە کە بە هۆیها و بە چەپڵە شاربەدەر بکرێن.

بەڵام حەیف کە بێڕێزبوون و کاڵبوونەوەی باسی پرەنسیپەکانی عەدالەت لەناو خەڵکی ئەو ناوچەیەدا و جێگرتنەوەی بە "شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی" وای کردووە دەیان پیاوی چاوچنۆک و هیچ لەبارنەبوومان لێبکەنە "شۆڕشگێڕی قارەمان" و ڕەخنەگرانی ناشیرینییەکانی دەسەڵاتیش مەوقیفێکی زەعیفیان هەبێت لەناو کۆمەڵگادا و بەئاسانیی بتوانرێ بێزراو بکرێن. هەر ئەمەشە بەدەوری خۆی بۆتە هۆی ئەوەی تەنانەت زۆرێک لە ناوە دیارەکانی ناو ڕۆشنبیریی ئێمەش نقە لەخۆیان ببڕن و خۆیان لەڕەخنەکردنی ئەو ناشیرینییانە ببوێرن نەبا ماڵویران ببن و بکەونە ڕیزی ئەو ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرانەوە کە پێبەپێی بێئیعتیباربوونی باسی دادپەروەریی لەکۆمەڵگادا قسە ڕەواکانی ئەوانیش بوون بە کاڵایەکی قەڵب و بێڕەواج و کڕیاریان نییە. وەنەبێ من لێرەدا بمەوێت فەهمێک پیشان بدەم بۆ ئەو پاسیڤییەی زۆرێک لە ڕۆشنبیران بەرامبەر بە سنووربڕییەکانی دەسەڵات دەستیان داوەتێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، من پێموایە خەمساردیی و هەست بە بەرپرسیارێتییەنەکردنێک ئەوان پیشانیدەدەن خۆی لەخۆیا دەبێتەوە بە فاکتەرێک بۆ بەرهەمهاتنی ستەمکاریی زیاتر و بێڕێزبوون و کاڵبوونەوەی زیاتری باسی پرەنسیپەکانی عەدالەت لەکۆمەڵگادا.

سەرنجبدەن ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە بازنەیەکی داخراو دروستدەکات. ستەمکاریی دەسەڵاتێک دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی دژەبەری شەرعییەت بدات بەوەی کە "کریتێریە"کانی خۆی فەرزبکات بەسەر بەهاکانی دادپەروەریی و مافەکانی مرۆڤدا لەو وڵاتەدا و ئەمەش بێبەهابوونی ئەو بەهایانەی بەدوادا دێ و، کارێکی واش دەمانباتەوە سەر چەشتنی جەولەیەکی تری ستەمکاریی. ئەمە ئەو بازنەی شەڕەیە کەچەنان ساڵە ئێمە تیایدا دەخولێینەوە بێئەوەی توانیبێتمان ئەو میکانیکییەتە ئەسڵییە بدۆزینەوە کە یارمەتییمان دەدات ئەو بازنەیە بشکێنین و خۆمان لەو جوغزە بەرتەسکە دەربازکەین.

من پێموایە هۆکارێکی ئەسڵیی ئەم گیرخواردنە ئەوەیە کە ئێمە لەلەحزەیەکدا موساوەمە لە داواکردنی موتڵەقی بەهاکانی دادپەروەریی و مافەکانی مرۆڤدا دەکەین و بە کریتێریەکانی "شۆڕگێڕەکان"ی دوێنێ بۆ ماف و ئازادییەکان قایلدەبین. نەک هەر ئەمە بەڵکو زۆرجار بەئاگاییەوە یان بێمەبەست ئەبینە داکۆکییکەری ئەم فەرزکردنەی یان ئەم فەزڵدانەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕانەیە بەسەر بەهاکانی دادپەروەریی و مافەکانی مرۆڤدا. سەیرکەن ئێمە ئیختیلاسکردنی موڵکی گشتییمان لەلایەن سەرانی حکومەتی بەعسەوە پێ ڕەفز بوو و، دروستکردنی کۆشکوتەلار لەو پارەیە بۆ خۆیان ئێستاش وەک سکانداڵێک و وەک نموونەیەکی زیندووی سەرکوتگەریی ئەو ڕژێمە باسدەکەین، کەچی هەر هەمان ڕەفتار (وە ڕەنگە بەئەندازەیەکی زۆر فراوانتر) لەلایەن دەسەڵاتبەدەستانی ئێستای کوردستانەوە ئەنجامدەدرێت و زۆرێکیشمان قایلین بەو تەسەورەی کە بێ ئیحراجبوون و بێترس لەڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانەوە شەرعییەت بەو دەستدرێژیانە بۆ سەر موڵکی گشتیی دەدات بەناوی ئەوەی کە ئەوان خەباتیان کرد و ئەوە بەری (یان ڕاستتر بڵێین: حەقدەستی) ئەو خەباتەیە و بۆ خۆیان "دەیچننەوە". ئەم داواکردنی حەقدەستە ئەگەر هەر لەیەکەم لەحزەوە بەپێوانە و بەهاکانی یەکسانبوونی

هاولاتییان و مافەکانیان مامەڵەی بکرایە، ئەوا ئەوانەی ویستیان بە بەهانەی کردنی خەباتەوە دەستی تەماح بۆ موڵکی گشتیی بەرن هەر زوو سنوریان بۆ دادەنرا و حاڵی ولاتیش نەدەگەیشتە ئەم حاڵەی ئێستای کە زیاتر لە هەڕاجخانەیەکی گەورە دەچێت نەک ولات. نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەگەر ئێمە ڕۆژێک لەڕۆژان موساوەمەمان لەو بەهایانەدا نەکردایە، ئەوا پێویستی بە سنووربۆدانان نەدەکرد چونکە موساوەمەتیانەکردن و دەستپێوەگرتنی بەها مرۆییەکان کەفیلە بەوەی کەشێک برەخسێنێ کە بەدەگمەن کەسێک ڕووی بێت یان جورئەت بکات داوای بەشی زیاتر بکات یان بیر لە خۆفەرزکردن بکاتەوە. هەر موساوەمەکردنێکیش لەداواکردنی عەدالەت و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤدا، لەهەر ئانوساتێکدا و لەهەر سیاقێکدا بێت گورزێکی کوشندەیە و بەر ئەو کۆمەڵگایە دەکەوێت و دەرگاکردنەوەیەکە بەسەر ستەمکاریی زیاتردا. لەهەر ئانوساتێکدا و لەهەر سیاقێکدا! بەڵێ تەنانەت لەمەسەلەی سزادانی جەللادێکی وەک سەددام حسێنیشدا.

کاتێک سەددام حوکمی لەسێدارەدانی درا بەسەرا و دژایەتییکەرانی حوکمی لەسێدارەدان کەوتنە چالاکی دژ بەو بڕیارە، من ئاگاداری هەندێک بیروڕا بووم لەناو نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردییدا کە گوایە دروست نییە لەکەیسی سەددامدا داکۆکیی لە مافی ژیان و دژایەتیی لەسێدارەدان بکرێت. نەک هەر ئەمە، بەڵکو دەگمەن بوون ئەوانەی بەناوی مافی ژیانەوە دژی ئەو بڕیارە بوون. گوتاری زاڵی ناوەندی ڕۆشنبیریی و سیاسیی ئێمە زیاتر یان تەنها بەدەوری ئەوەدا بوو کە لەسێدارەدانی سەددام ڕێگر دەبێت لەبەردەم بەدۆکۆمێنتکردنی هەڵەبجە و ئەنفالدا. دوای لەسێدارەدانەکەش زۆرێک دژ بە لەسێدارەدانەکە هاتنە قسە چونکە نیگەرانی ئەوە بوون کە ئەو لەسێدارەدانە سەمپاتیی بۆ سەددام و لایەنگرانی دروستکرد. ئەوانەش کەم نەبوون کە هەم باسی مافی ژیان و هەم داخ و حەیفی لەسێدارەنەدانی سەددام لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال و، داخ و حەیفی دروستبوونی سەمپاتییان بۆ سەددام لە یەک بابەت یان لە یەک لێدواندا کۆدەکردەوە. کارێکی واش دیارە کە "ناهۆمۆگێنییەت"ێک و تێکەولێکەیەکی فیکرییە. ئەم ناهۆمۆگێنییەتەش، ئەگەر بەڕوویەکیدا نیشانەی دەستکورتیی فیکریی خاوەنەکانیانە، ئەوا بەڕوویەکی تریدا دەرەنجامی ئەو میتۆدە "ئیستینقائی"یەیە کە زۆرێک دەیگرنە بەر. ئەم ئیستینقائییەتە زۆرجار لەسەر بناغەی بەرژەوەندییەکی سیاسیی بەرتەسک دەکرێت. لەحاڵەتی کورددا "کوردایەتیی" ئەو بەهاییە کە کریتێریەی بناغەیی زۆرێک لە "بڕیارلێدان"ەکانە[1]. دیاریشە کە لەحاڵەتی تایفە و گروپەکانی تری عێراقدا ئەو بەهایانەی بەرژەوەندیی ئەوان ڕادەگرێت کریتێریەی بناغەیی "بڕیارلێدان"ەکانیانە. لەمەسەلەی سزادانی سەددام لەسەر تاوانەکانی و هەڵوێستگیریی زۆرێک لەمەڕ ئەو مەسەلەیە تەنها و تەنها ئەو بەهایانە کاریان کرد.

ئاکامی کارەکە هەر هەمان ئاکامە. کەسێک کە تاوانی کردووە سزا وەردەگرێت، بەڵام ئەوە بزانین کە ئەو شێوە بیرکردنەوەیە جەختی لەسەر ڕابردووە نەک داهاتوو. تۆڵەی ڕابردووت بۆ دەکاتەوە و لەپڕێک بڕێک "تۆڵەسەنەرەوە"ت لێدەکاتە قارەمانی بواری سیاسەت، کەچی لەپڕ دەبینی هیچێکیان پێ نییە و هیچێکیان لەدەست نایەت بیکەن بۆ داهاتوو. هەر ئەمەیە وادەکات سیاسەتی ولاتبەڕێوەبردن تەنها ببێتە "خەباتی کۆن بەباکردن". سەیری لەدنیای ئێمەدا تائێستاش "خەباتکاران و تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی گەلەکەمان" ئەوانەن کە تۆڵەی ڕابردوومان بۆ دەسەننەوە. بۆیە لای ئێمە "خەباتکارانی ڕێگای تۆڵە" دەسەلات دەگرنە دەست و ئەو ڕابردووەشیان بۆیان دەبێتە "حەسانە"یەک و وەک پیاوی دەوڵەت تا ئەتوانن تالان و بڕۆی ولات دەکەن. خۆ ئەگەر ڕێگرییشیان بکەیت، دوورنییە ئەو شەرعییەتی شۆڕشگێڕانەیەی لەئاکامی "تۆڵەسەندنەوەیان بۆ میللەت" دراوەتە دەستیان بەکاریبێنن و تۆش بکەن بە ماددەی تۆڵەسەندنەوەیەکی تر و زۆرێکیش نەدۆزیتەوە داکۆکییت لێبکەن. پێویست ناکات دوور بگەڕێینەوە، زۆرنابێت بۆ نموونە یەکێتیی لەخۆپیشاندانی خەڵکی هەڵەبجەدا کۆمەڵێک گەنجی گرتبوو و قسەی لە لەسێدارەدانیانی دەکرد و کەچییش بەدەگمەن باسێکی وا خەڵکی ڕاچڵەکاند. نەک هەر ئەمە بەڵکو لەناو ڕۆشنبیراندا هەبوون لەو کاتەدا باسی جیاوازیی ئازار و ئێشی شەقی کورد و شەقی "غەیرە"یان دەکرد.

---

[1]. لەداهاتوودا و لەدووتوێی نوسینێکی تردا قوڵتر دەچینەوە سەر ئەم باسە و بەدرێژتر لەم بۆچوونە دەدوێین.

چەنان و چەنان ساڵە ئێمە خەباتی تۆڵەسەندنەوە دەکەین و بزووتنەوەی رزگارییخوازی کورد بەم ئاراستەیەدا کاری کردووە. گەورەترین دەستکەوت لای ئێمە ئەوەبووە کە رۆژێک لەرۆژان توانیبێتمان تۆڵەی رابردوویەک بۆ "میللەتەکەمان" بکەینەوە، نەک داهاتوویەکی گەشی بۆ بنیاد بنێین. هەر ئەمەیە وای کردووە شانزەساڵە حکومەتی کوردیی (کە خەونی گەورەی چەندین نەوەی پێش ئێمە بوو) بەشی شانزەرۆژ داهاتووی بۆ خەڵکی کوردی ئەو ناوچەیە بونیاد نەناوە. ئاخر تێکۆشەرانی رێگای تۆڵە هەموو بەهاکانیان لەسەر بنەمای رق و کینە لە دوژمن بنیاد ناوە و جگە لە گۆشکردنی خەڵک بە بوغز سەنعاتێکی تر نازانن. خۆ وەنەبێ نەمانی دوژمنی غەیرە باسی دوژمن و خەبات بۆ تۆڵەسەندنەوە نەهێڵێت و خەڵک بتوانێت ئاسوودە دانیشێت، بەڵکو ئەو تێکۆشەرانە لەقوریش بێت دوژمن دادەتاشن و خەبات لەدژی دەستپێدەکەنەوە. هەر ئەمەیە نهێنییەکی ئەسڵیی کەوتنەوەی شەری ناوخۆ لەکوردستاندا. "پێشمەرگە قارەمانەکان"ی یەکێتیی و پارتیی لەخەباتیاندا بۆ دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی وڵات شارەکانیان لێکردینە شاری جنۆکەکان و کەچییش هەر زوو زوو بیرمان چووەوە و کەسێکیشیان لەسەر ئەو زیادەرۆییە نەکێشرانە بەر دادگا. نەک هەر ئەمە بەڵکو تا ئێستاش نابیستیت کەسێک بڵێت پارتیی و یەکێتیی *بەمیلیشیاکانیان* سواری ملی خەڵکی ئەو دەڤەرە بوون و دەبێت سنووریان بۆ دابنرێت. تائێستاش کەسێک نابینیتەوە سەرباری ئەو رابردووەش بیەوێت هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی و پارتیی بە "میلیشیا" ناوببات، لەکاتێکدا ئەوان شانزەساڵە بەعەمەلیی میلیشیایەکن کە بۆ فەرزکردنی دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە لەکوردستاندا هەردەم لەئامادەباشییدا بوون. میلیشیا بوون، بەڵام میلیشیایەکی سەرکوتگەریش. هێزێک بوون چاویان لەو هەموو ناشیرینیی و فەزاحەتانەی بەرپرسەکان پۆشیوە کە لەپەنا دەستیانەوە بەرامبەر بە کەرامەت خەڵکی ئەو ناوچەیە و بە سامانی وڵات و بە چارەنووسی خەڵکی کوردی دەکەن و، چاوەروانن بەرببنە گیانی هەر کەسێک کە بیەوێت دادگایەکی عادیل هەبێت و ئاغاکانیان لەسەر ناشیرینیی و فەزاحەتەکانیان بباتە بەری.

من ئەتوانم بێ دوودڵیی بڵێم کە ئەو قەیرانە و ئەو گۆشە بەرتەسکەی ئێستا کوردستان گیری تیاخواردووە لەئاکامی ئەوەیە کە ئێمە بەئاراستەی نادرووست کارمانکرد. ئێمە "خەبات بۆ سەندنەوەی تۆڵە"مان لێببوو بە "خەبات بۆ ئازادیی و ئاسوودەیی". بەڵام سەیری لەرۆژی تۆڵەیەکی گەورەی وەک ملبەپەتاکردنی سەددامدا وڵاتێکمان هەیە پر لەکارەسات و مەینەتیی.

حەیف کە لای ئێمە هەمیشە وابووە. لەبەر زۆریی ناشیرییەکانی پیاوانی ناو سیستەمێکی سیاسیی، خەباتکارانی رێگای تۆڵە لێیان، دەبن بە جێگەی ئومێدی خەڵک. دوای وەرگرتنەوەی تۆڵە بۆمان، شەرعییەتی شۆرشگێرانە دەسەڵاتیان دەداتە دەست ئەو خەباتکارانە و هەر ئەم شەرعییەتەش سەر بە باس و خواستی شەرعییبوونی بەهاکانی مافی مرۆڤ و دادپەروەریی هەڵدەگرێت. کە دادپەروەرییش بێحیساب بوو، جەولەیەکی تری تاوانکاریی و سەرکوت یەخەمان دەگرێتەوە. ئەمەش بەتەبیعەتی حاڵ دەبێتە ئەوەی کە دیسانەوە دەستەیەک دەکاتە شایان بە تۆڵەلێکردنەوە و دەستەیەکیش دەکاتە خەباتکاری رێگای تۆلەسەندنەوە لێیان.

من خەون بەرۆژێکەوە دەبینم لەم بازنە داخراوە دەربازبین. رۆژێک کە خەبات بۆ بەهاکانی مافی مرۆڤ و عەدالەت جێ پێ بە خەباتی تۆڵەسەندنەوە لەق بکات. رۆژێک کە خەباتکردن جەختی لەسەر بیناکردنی داهاتوو بێت نەک هەر شەنوکەوکردنی رابردوو. رۆژێک کە کەشوهەوایەکی سیاسیی وا بخەینەوە کە تیایدا لادان لە بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی لەژێر هەر بیانوویەکدا بێت شۆکێکی گەورە لای خەڵک دروستبکات.

15.01.07

sirwanebdul@yahoo.com